**بەشی ٢ ـ ٢**

**خوێندنەوە و ناساندنی کتێب:**

**هەڵۆ بەرزنجەیی ١.٣.٢٠٢٢**

## محەمەدی حاجی مەحمود

**ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک   بەرگی پێنجەم ١٩٩٧ـ٢٠٠٤**

**باسی ڕووداوەکانی خەبات و شۆڕشی میللەتەکەمان دەکات**

**چاپخانەی هەژار موکریانی/ ٢٠٢١   ١١٨٧ لاپەڕە**




**من کوردێکی نیشتمانم، هەڵگری ئاڵای سەرکەوتن یان نەمانم**
**لەو ڕێگایەشدا سەرفم کرد گەنجی و یاریکردن لەگەڵ مەرگدا بە ژیانم**
**هەر بۆیە دەستم دایە ئەو پرۆژەیە**
**دروستکردنی ئەو پردە بۆ سەرکەوتن و پەڕینەوەی کوردە**
**من کوردێکی نیشتمان پەرستم**
**ئەیپارێزم بە بیر و هەستم**
**هەتاکو ماوم بۆ ئەو کورد ئەبێت نەوەستم**

**بۆ سلێمانیش دەڵێ**

**شاری سلێمانی بۆ بێدەنگ و ماتی**
**خۆ تۆ پاشماوەی سێ ئەمارەتی**
**وا مەزانە لە شارستانیەت دووری**
**ئەردەلان، بابان و شارەزووری**
**هەرچیت بۆ بڵێین هێشتا هەر کەمە**
**پێشکەوتووترین شاری سەردەمە**
**بۆ میللەت هەڵت گرتووە ئەو هەموو خەمە**

له ناساندنێکی خۆیدا بەرجەستەی باوەڕ و ئاوات و ڕێبازی بەم نووسینە دەکات:" **من لە ژیانمدا کە خەباتم کردووە بۆ دەوڵەتی کوردستان و بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ئەوە زیاتر لە ٤٠ ساڵە بێوچان ". ل ٢٠٠**
کاکە حەمە بەهۆی پێگەی توندوتۆڵی بەجەماوەرەوە ئاگای لە خشەی ماروماروەوە..بۆ نموونە وەک خۆی دەگێڕێتەوە **پێش دەزگای پاراستنی پارتی و زانیاری یەکێتی بکوژی فرەنسۆ حەریریيان ئاشکرا کردووە کە تەوحیدییە ئیسلامییەکان بوون. ل ٢٠٣**
نووسەر لە ل ٢٠٩ دا چەند وشەیەکی کاریگەر لەسەر عادل موراد و رۆڵی خراپی لەناو سۆسیالیستدا و چیرۆکێکی سەیر دەگێڕێتەوە دەشڵێ زۆر شتی تریشم لایە!! ئیدی نازانین بۆ شتەکانی تر ناڵێ! ڕەنگەهەندێ جار نەتوانرێ هەموو هەقیقەتێک بووترێ!!..
باسی مەلا بەختیاریش جارێکی دەکەوێتە دوو توێ ئەم کتێبەوە و باسێکی تریش بریتییە لەوەی کاتێ بافڵ تاڵەبانی کچی مەلا بەختیار دەخوازێ، شایی و ئاهەنگ دەکرێ و مام جەلال لەسەر داخوازی ئامادە بووەکان هەڵدەپەڕێ .
هەتا لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک بەردەوام دەبیت، بەسەر باس و ڕووداو و گێڕانەوەی سەیروسەمەرەدا دەکەویت... کاکە حەمە باس لەوە دەکات٧/٦/٢٠٠٢ ئێوارەیەک داوەتی شێخ سالار حەفید دەبێ لە سلێمانی.. لەوێش ٣ ئەمەریکی و بەریتانییەکیش ئامادەن.. زۆر ئاغا و کەسایەتی سەیر ی وەک بەهادین نوریش لە داوەتەکەن.. کاکەحەمە وەک دەنووسێ: **"کاتێک مامۆستا بەهادین نوری سکرتێر و دەستڕۆیشتووی حزبی شیوعیی بووە لەسەرەتای شەستەکاندا و چۆن بڕیاری داوە کۆکاکۆلا نەخۆنەوە لە عێراقدا چونکە هی ئیستعمارە و ئەم شەویش مامۆستا چۆن هەوڵ ئەدات تێبگات لەم ئەمەریکاییانە زوو یەنە عێراق ببنە فریادڕەسی و ئازادی و دیموکراتیمان بۆ بهێنێ و زۆری کەش".** ل ٢٧٥
بەسەرهاتێک کە مانای زۆرە وەرچەخانێکی ئەرێنی نیشان دەدات.. بەهادین نوری لە چاوپێکەوتنەکەی بەرنامەی پەنجەمۆری ڕووداویشدا لەم میانەدا وتی" : **ئێمە دەروێشی مۆسکۆ بووین"**.. نموونەی لەم چەشنەمان و دیارە زۆر بەداخەوە دوای بەسەربردنی تەمەنێکی دوورودرێژ و لەدەستدانی وزە و توانا و دەرفەتێکی زۆر ئەوجا زۆر کەسایەتیمان دێنە سەر ئەم باوەڕە..
سەلاحەدین بەهادین وەک یەکگرتووی ئیسلامی نێوانگیری لەنێوان پارتی و سۆشیالیست و زەحمەتکێشاندا دەکات،بۆ ئاشتی کاتێ دەچنە لای مەسعوود بارزانی ناوبراو بەحەماسەوە دەست دەکات بە ڕەخنەگرتن لەپارتی وئاماژەش بە ٣١ ی ئاب دەکات ..کاکە حەمەش پێی دەڵێ: **ئێمە بۆ ئاشتی هاتووین تۆ شەڕ دەکەیت،ئێمە ئیدی شەڕ ناکەین. بەم جۆرە خاوی دەکاتەوە.**
ئاماژەمان بە پەیوەندی قوڵ و پتەوی نێوان مام جەلال و کاکە حەمە دا، لێرەشدا ستایشێکی تری مام دەکاتەوە:**"مام جەلال کەسایەتییەکی باشە و وەفای هەیە بۆ هاوڕێکانی".** ل ٢٧٦

لە ل ٢٩٠ دا دەنووسێ: **"یەکێتی هەمیشە لەدوای ڕووداوەکانەوەیە یان دوای ڕووداوەکان ئەکەوێت".** ئەم بۆچوونە بیروڕای زۆر چاودێری سیاسی و توێژەران و کەسانی تریشە، چونکە هەرچی یەکێتی بە پارتی دەڵێ،خۆی دوای چەند ساڵێ هەمان شت دووبارە دەکاتەوە و بەو قۆناغە دەگات کە پارتی پێش ساڵانێک تێیدا بووە. بۆیە ئەم هەقیقەتە هیچ تەمومژ و گومانێک هەڵناگرێ و کاکە حەمەش دەرکی بەم ڕاستییە کردووە و جەختی لەسەر دەکاتەوە و کتومت و بەڕاشکاوی دەینووسێت..
دواتر باس لەو دانیشتن و گفتوگۆیانە دەکات سەبارەت بە گۆڕینی داوا و دروشمی کورد لە ئۆتۆنۆمییەوە بۆ فیدڕاڵی و بڕیاری هەڵبژاردنی پایتەختی باشووری کوردستان لەنێوان کەرکووک و هەولێردا ... کە دواتر لە ٢٢/١٠/٢٠٠٢ بەفەرمی بڕیار بۆ هەولێر دەدرێ...
بێگومان بزاڤی رزگاریخوازی کورد ئەگەرچی هەنگاوی بەرەو پێشچوونی دروشمەکانی لەدوای ڕێکەوتنامەی سایکس - پیکۆوە،باشتر بڵێم بەسەر چوونی وردە وردەی سەرکردایەتی کلاسیکی کوردی و سەرهەڵدانی پارتی ناپارتی بەناو مۆدێرن و کاریگەرێتی ئایدۆلۆژی مارکسی لەسەر بیرکردنەوەی سیاسی کوردی دواکەوتووانە و بە قورسی هەنگاوی ناوە و چۆتە پێشەوە،لێ دیسان زیان لەهە شوێن و وێستگەیەگدا لە نیوە بگەڕێتەوە هەر باشە. دەستبەرداربوونی داوای ئۆتۆنۆمی بە درۆزنی و ڕاستەقینەکەیەوە،جێی خۆشحاڵییە.دیارە چارەسەری ڕاستەقینە لە دیاریکردنی مافی چارەنووس و بەدەوڵت بووندایە،وەک هەقیقەتێک کورد لە کوێرەوەرییە ڕزگاری بێت و گەلانی ناوچەکەش ڕۆڵەکانیان چیدی نەکەنە دەستە چیلەی شەڕێکی داگیرکارانەی خوێناوی زوڵم و نامرۆڤانە.هیڤانە کایەی ئاشتییەک بە یەکسانی بۆ گشت لایەک.
باسە فرەچەشنەکانی ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک درێژەیان هەیە و تا دەگەینە ڕۆژەکانی دوای ڕووخانی سەدام و لێرەدا دەڵێ: **" ئەوەی بیست سی چەکداری لا بوایە، حکومەت بوو. جەیش نەمابوو، پۆلیس نەمابوو" ل ٣٥١**
هێژای گووتنە ئەم ڕاستییە کە لێرەدا جەختی لێ کراوەتەوە بۆخۆی هەویرێکە ئاو زۆر دەکێشێ و کاریگەریی و لێکەوتە نەرێنییەکانی هەتا ئێستا ماوە و ئایندەشدا هەر دەمێنێ... ئاخر سەرانی کورد - پارتی و یەکێتی - هەڵەیەکی مێژوویی کوشندەیان کرد. کورد وتەنی **"خۆت مەیکە و خودا بتداتێ"** داگیرکەرێکی دڕندەت بۆ لەناوبرا، کەچی تۆ بچی بینای دەوڵەتە داپلۆسێنەرەکەی بکەیتەوە - سوپا و پۆلیس - ی بۆ دروست بکەیتەوە، بۆ ئەوەی سەدامێکی تری لێ دروست بێتەوە...ئاخر هیچ زیندانییەک هەیە بچێ دەرگای زیندانەکەی تۆکمەتر بکات بۆ ئەوەی ڕێگەی ئازادبوونی لێ سەختر

بێت؟؟!!...ئەمە ئەو هەڵە کەمەرشکێنەیە کە سەرانی حیزبی کوردی لێی بەرپرسن و بە خوایشتی خۆیان کۆتوبەندی عێراقیان کردەوە دەستی خۆیان.

لەم چرکەساتەدا ڕۆژی ٣/٥/٢٠٠٣ بەتایبەتی کاک حەمە بە میوانی دەچێتە لای مام جەلال و ئەم پێشنیازەی بۆ دەکات:" **وتم جەنابی مام جەلال بۆ لێرە لە بەغدان و بۆ ناچنەوە کوردستان و عێراق هێز و جەیشی نەماوە بە درێژایی حەمرین هێز دانێین و بیری ئیرتیوازییان بۆ لێ بدەین و دانیشن تێیدا ."ل٣٥٢**
خاڵێکی گرنگ و هەستیار پڕ لەبەر پرسیارێتی.. داخوازییەکی کوردانەی ستراتیژی نەتەوەیی، هەوڵێکی ژیرانە بۆ قۆستنەوەی دەرفەتی داڕماوی دەڵەتە زۆڵەکەکەی داگیرکەری عێراقی و ڕژێم و دامودەزگا بکوژ و ببڕە داپڵۆسێنەرەکەی سەدام،کەچی ئەم دەرفەتە هەرە زێڕینە بە چوار قسەی بێ سەرووپای بێ ناوەڕۆک و لێکدانەوە و بەرپرسیارێتی دیزە بەدەر خۆنە دەکەن.
دیارە لەڕووی ستراتیژی نەتەوەییە گەر بهاتایە کورد شەڕی سنووری نەتەوەی و جوگرافیایی مێژوویی بکردایە، هەزار قات سەرکەوتووتر دەبوو .. ئیدی لەمدیوو سنوورەوە کێ هەیە و چ دەکرێ ئەوە هەموو دەکەونە پەراوێزی دەسەڵاتی کوردستانەوە.
مام جەلال بایەخ بە قسەکەی نادات و ئاوات و خۆشحاڵی خۆی بەس بەنەمانی سەدام دەردەبڕێ .دەڵێ: **هیچ هێز و لایەنێک لە سەدام خراپتر نابێت و وەک سەدامیان پێ ناکرێ...١.** کاکە حەمە دەچێتە لای پارتی و هەمان بابەتیش بە مەسعوود بارزانی دەڵێ، **ئەویش وەک مام جەلال خەمساردانە وەری دەگرێ و دەڵێ هیچ کەس وەک سەدامی پێ ناکرێ ئەوانیش معارەزەن و پیاوی باشن و هەموویان دۆستمانن و هاوکاریمان کردوون . ل ٣٥٢**

کاکە حەمە لەم بەرگەدا دووجار باسی هەڵوێستی ئەرێنی ئەمەریکا بۆ حیزبەکەی دەکات، جارێ کە میزانییەکەیان دەبڕن و ئەمەریکا بۆیان دەگێڕێتەوە و جارێکیش کە سۆشیالیست تاکە حیزبە کەسی لەلایەن ئەمەریکاییەکانەوە نەگیراوە و تووڕە نەکراوەتە سەری..
کاتێ ئەمەریکا دەیەوێ لە هێزە ئیسلامییەکان بدات، کاکەحەمە ئاگاداری عەلی باپیر دەکاتەوە و تەنانەت داڵدەیشی دەدات... ئەم خەسڵەتەی کاکە حەمە مەگەر هەر خۆی بتوانێ ڕوون کردنەوەی لەسەر بدات! بەڵام ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، سەرباری نەیاری حیزبی و سیاسی کاکە حەمە دەستی هاوکاری بۆ گشت لایەک درێژ دەکات.. بە دەربڕینێکی تر ڕاگرتنی باڵانس لەنێو ئەم هەموو دژبەرابەدا کارێکی هێندە ئاسان نییە، مەگەر هەر کاکەحەمە لە عۆدەیان بێت..!
ڕەنگێ ئێوەش وەک بەندە و کەم کەس خەیاڵی بۆ ئەوە بچێ کەوا کاکە حەمەش وەک هەر گەنجێکی خاوەنی دڵێکی تەڕ و هەستێکی عاشقانە یاخود جوانپەرستییە!.. ئاخر ئەوێک بەو ژیانی سەرقاڵییەوە و بەو شاخ و کێوان و نێو کونە ئەشکەوت و بن دەوەن و بەردانەوە چۆن دەماری عەشقی دڵی سست نەبووە! ناچالاک نەبووە!، یاخود تۆوی دڵداری و دڵفڕینی تێدا ماوە و لەبیری ماوە؟!.. کەچی لەوەڵامدا کاکە حەمە بە کۆپلە شیعرێکی تەڕوپاراوی عەشق ئامێز ، پێمان دەڵێ: هێشتا هەرزەکارەکەی جارانە و خاوەن دڵێکی تژی لە عەشق و جوانپەرستییە.. دە بفەرموون و بنۆڕن لەم کۆپلە بچووکەدا چ بەیان دەکات..

**شۆخوشەنگە بێنازە**
**تاکە لەناو چینی تازە**
**ڕواچییە وەک بازە**
**بۆ کاری خۆی بەنیازە...**
ئەم هەوێنی عەشقە گەر ٣٠ ساڵێ بگەڕێتەوە دواوە، بەدووری مەبینە، وەک ڕاوچی سەر ڕێی کانی لە باڵابەرز و دەم بە خەندە و پێکەنینەکان نەگرێ ..!ئیرە لە شۆخ و شەنگان نەگرێ...
لات ئاسایی بێت ، بێتە هاودەمی مەدهۆش و بەدیار جوانی یارەوە داهێنان لەسەر داهێنان بهێنێتە کایەوە. بەکورتی ئەگەر ئەوساش دڵی خۆی بێبەش کردبێ لە عەشق و خۆشەویستی ، کەچی لەم نیوە وێستگەیەی ژیان دا، قەرەبووی ئەو تەمەنە دەکاتەوە و بۆ شۆخ و شەنگان شیعر دەهۆنێتەوە..
لەبەرەو کۆتایی ڕۆژژمێرەکەیدا کاکەحەمە تیشکێ دەخاتە سەر کێشە ناوخۆیەکانی یەکێتی ...نەوشیروان و کۆسرەت و عومەری سەید عەلی نامە بۆ مام جەلال دەنووسن بەبیانووی ئەوەی تەمەنی سەرکەوتووە واز بهێنی .. دیارە مام جەلال بەم کارە تەواو ناڕەحەت دەبێت... کاکە حەمە سەردانێکی کۆسرەت دەکات! لە ئەنجامی وتوویژ و بیروڕا گۆڕینەوە لەو بڕیارەی ساردی دەکاتەوە. یەکێ لەناڕازییەکان کە لەیادی نییە کامیانە،پێی دەڵێ:" **مام خۆی مەسئولی خۆمانە و ژنەکەشی مەسئولی ژنەکانمانە".. ل ٤٢٧** . کاکە حەمە دواتر دەچێتە لای مام و هەواڵی پێ دەدات..کەوا گەر مام جەلال داوای کۆسرەت بکات، بێ سێ و دوو کردن کۆسرەت دێتە خزمەتی ..
کاتێ نووسەر.. دەچێتە کن مام جەلال دەبینێ زۆر ناڕەحەت و پەشۆکاوە. مام پێی دەڵێ **"هەمیشە وام زانیوە تۆ و کاک نەوشیروان قەت لێم دوور نابن، بەڵام نەوشیروان ئەو نامەیەی بۆ نووسیوم و تۆش سەردانی ئەوانت کردووە"** ل٤٢٧.
وەک کاکە حەمە دەگێڕێتەوە مام زیاتر لە پەرۆشی کۆسرەتدا بووە ..!چونکە قسەی زۆر بەوانی تر دەڵێ و **" لەناو کتێبخانەیەکی گەورەدا بوو لە کتێبخانەکە کۆمەڵێک فایلی گرتبوو بە باوەشیەوە هێنای وتی: ئەوانە زۆریان سەر بە**

**حکومەتی عێراق بوون و ئەوە فایلەکانیانە . باوەشێ فایلی لەبەردەمی من دانا وتی: سەیریان بکە ئەوانە من دەرئەکەن؟". ل ٤٢٧**

ئێمە لێرەدا دەبێ هەڵویستە بکەین لەسەر ئەم خاڵە... ئەمە وەک تەقینەوەی بۆمبایەکی زۆر گەورەیە!! مام چۆن زانیویەتی ئەو نزیکانەی پیاوی حکومەتن و لێی قبوڵ کردوون؟ ئایا ئەمە فاکتە یان بەرتەکی ڕک و کینەی ڕۆژانی ناکۆکی و جیاوازییەکان و سروشتی بێ ڕەحمانەی کوردە بەڕانبەر بەکورد و شۆڕشگێڕە بەرانبەر هاوسەنگەرەکەی؟؟ ؟.. دەبێ ئەوانە کێ بن؟... کۆسرەت،نەوشیروان، عومەری سەید عەلی، فەرەیدون عەبدولقادر و چەندانی تر؟؟!! ئایا ئەو فایلانە هەر ماون؟..! ڕۆژێک ئاشکرا دەکرێن؟؟؟..

بەهەرحاڵ کاکە حەمە ڕۆڵی خێرخواهانەی خۆی دەگێڕێ و کۆسرەت لەگەڵ مام جەلال ئاشت دەکاتەوە، واتە لەتێکی گەورەی نارەزاکان دەگەڕێتەوە باوەشی ی ن ک و مام جەلال لە پاداشتی کاکە حەمە دا دەڵێ: **تۆ هەر پیاوی شەڕ نیت، پیاوی ئاشتی و چارەسەری کێشەکانیت و پیاوی ڕۆژانی ناخۆش و هەمیشە پشتیوانی مام جەلالی".ل ٤٢٨** هەر لەم میانەدا باس لە بیروباوەڕی نەوشیروان دژ بە مام دەکات .. نەوشیروان نائومێدی خۆی بەرانبەر مەسعود و مام دەردەبڕی تا دەگاتە ئەوەی وەک کاکە حەمە لەزمانی ئەوەوە دەڵێ:**" ئەگەر جەلال تاڵەبانی بیڵێت مەسعود بارزانی هەندێک شت ئەکات** ". ل ٤٣٣ ئەم دەربڕینە قورسە! دەشێ نەوشیروان بۆ یەکەم جاریش نەبێت ئەمەی دەربڕی بێت. لەکاتێکدا دەزانین نەوشیروان بەدرێژایی تەمەنیی جێگری مام جەلال بووە و زۆرجار کەسی یەکی ی ن ک ، لە گشت کاروباری حیزبیدا.. نووسەر .. وەک ئەندام پەرلەمان دەچێتە بەغدا، وەک بۆمان دەگێڕێتەوە بۆیەکەم جار لە پەرلەمان بە کوردی قسەی کردووە و خەسرەو جاف بۆی کردۆتە عەرەبی. ئەمەش بەو مەبەستەی زمانی کوردی لە پەرلەمانی بەغدا ببێتە فەرمی و وەرگێڕی بۆ دیاری بکەن..

ئەم خوێندنەوەیە چەند سواڵەیەکە بۆ بە مەڵۆ و خەرمان کردنی ئەو هەموو ڕووداوانەی کاکە حەمە لە ماوەی هەشت ساڵی خۆیدا لە نزیکەوە بەشدار و ئاگاداری ڕووداوە هەستیارەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان بووە...کاکە حەمە لە هاوڕێ و دۆستەکانی، لە حیزب و لایەنەکان، لە جەماوەر، لە سیاسییەکان و ڕۆشنبیران هەرگیز دوور نەبووە . هاتۆتە بەرلین جەمال نەبەزی دیوە و گفتوگۆی هەمەچەشنی لەگەڵ کردووە..بە سوودمەندبوون لەم دیدارە خۆشحاڵ بووە، ئاڵوگۆڕی نامە و دیداری لەگەڵ مارف خەزنەداردا بووە. سەردانی هەموو بۆنە ئەدەبییەکانی کردووە و بەتەنگ کێشەکانیانەوە بووە...

هاوڕێیەکی دکتۆری زانکۆم بۆی گێرامەوە کاتێ شاندێکی حیزبە کوردییەکان دەچنە ئەمەریکا ، لەگەڕانەوەدا تەنیا کاکە حەمە چەند کتێب و سەرچاوەیەکیان بە زمانی ئینگلیزی بەدیاری بۆ کتێبخانەی زانکۆی ڕووتەی کوردی دێنێتەوە. کاکە حەمە چەندی بۆی لوابێت بنەماڵەی شەهیدانی بەسەر کردۆتەوە،بەشداری پرسەی کردووە و ئەرکی حیزبی و دۆستانە و دابونەریتی خۆیشی بەردەوام بەجێدەگەیەنێ.

لە بەشی بەڵگەنامەکان دا، کەوتمە پەیجور،بۆ ئەوەی لێرەش سواڵەیەکی تر ئامادە بکەم . دوای هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەک کەوتم بەسەر نووسینێکدا کە بەداخەوە دیار نییە لە کێوەیە و ئاڕاستەی کێ کراوە! لە کۆتاییەکەشیدا ناوی نووسەرەکە / خاوەنەکەی دیار نییە. واتە بەڵگەکە سەری پەڕیوە و قاجیشی بڕاوەتەوە.بەندە ٪۹۹ یەقین بووم ئەمە خەتی ئازاد مستەفای سکرتێری پاسۆکە.. بابەتەکە ۱۲ لاپەڕەی چڕوپڕی هەڵسەنگاندنێکی ستراکچەری حیزبی سۆسیالیست و کێشەکانی دیوی ناوەوەیەتی لەگەڵێ ڕەهەندەوە. سەرەتا ئەم خاڵەم لای خۆم وەک ڕەخنە تۆمار کرد.. چەند پەڕەیەک دواتر دیم، دەقی نامەکە دانراوە بە چاپکراوی، بەڵام دیسان سەری پەڕیوە،لێ قاچی سەلامەتە و خاوەنەکەی نووسراوە ئازاد ۱۹۸۵/۸/۱۵ تاران... بەداخەوە خوێنەر نازانێ ئازاد کێیە و بۆنەی ئەم نامەیە لە ڕووی مێژووییەوە چییە؟!. دەبوو ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بدرایە بدرایە. شایەنی ئاماژە پێدانە کاکە حەمە هەر دڵی عەشقی زیندوو نییە، بگرە لە قسەی خۆش و نوکتە و گۆڵمەزی کەیفسازیش بەدوور نییە. ئەوەتا نزیکەی 78 نوکتەی سەردەمی خەباتی کۆکردۆتەوە و لەبەشی بەڵگەنامەکان دا پێشکەش بە خوێنەرانی دەکات.ل ٥٦٢

وەک پرنسیب دەزانین هیچ کارێک بی کەموکوڕی نییە، ئەم بەرهەمەش چەند ناتەواوییەکی لەخۆ گرتووە:

+ زۆر ڕووداو هەیە، دووبارە بوونەتەوە و پشوپێش کەوتوون. ئەگەر هەڵەی چاپ نەبن؟.

+ بابەتگەلێک هەن پێویست نەبوو نووسەر بییاننووسێ،بۆ نموونە ڕێکەوت هەبوو حەفتەیە لە ماڵ یان بارەگا دانیشتووە و سەرقاڵی کاروبار بووە، **"لەماڵەوە بووم مەشغوڵی ئیشوکاری ڕۆژانە بووم"**.ل ۱۲٦ . ئەمە کاتی لە خۆی بردووە و بۆ خوێنەریش سوود و گرنگی نییە.

+ هەندێ جار باسگەلێکی کۆن دێنێتە ناو باسەکانەوە چ وابەستەییەکیان پێکەوە نییە، یادەوەریی خوێنەر دەشێوێ. بۆ نموونە لە ل ۱۹۷ دەگەڕێتەوە بۆ باسێکی ساڵی ۱۹۷۷و لە ساڵی ۲۰۰۰ دا بێ هۆکار دەگەڕێتەوە بۆ ۱۹۸۸ ل ۲۷۰ .

+ بەڵگەنامە هەیە ل ۹۷۰ سێ جار بڵاوکراوە و زۆر نموونەی تر کە دەبنە هۆی وەڕس بوونی خوێنەر. یاخود پەیوەندی نییە بە ناوەڕۆکی ڕووداوەکانەوە لەڕووی کرۆنۆلۆژیاوە، دەنا تەواوی ئەو بەڵگەنامانە، هەرچی بن بایەخی خۆیان دەس. وەک بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ساڵی ۱۹۷٦ دامەزراندنی بزووتنەوە، نامەی نەوشیروان بۆ سەید کەریم، نامەی نێوان بەرهەم ساڵح و مام جەلال.

ڕەخنەگرتن و دەربڕینی ئەم کەموکوڕییانە بە ئاواتی ئەوەیە، لە ئایندەدا بەرگەکانی تری ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک لێی بەدوور بن.

لە هەموو بارێکدا ڕاشکاوانە دەڵێـ:  جێی دەستخۆشییەکی زۆرە بۆ پێشمەگە و سەرکردەیەک، هێندە بەسەلیقە و ئەرشیف دۆستە،لە سەخترین چرکەساتەکانی ژیان و مەرگیش دا، هێندە لە پەرۆشی ئەو هەموو بەڵگەنامانەدا بووە زۆری پاراستن.
بەر لە ماڵئاوایی لە خوێنەران، ئەوەی ماوەتەوە لە دڵەوە پیرۆزبایی لە کاکە حەمە بکەم، بۆ نووسینەوەی ئەو هەموو لاپەڕە گەشەی تاریک و ڕوون و تاڵ و شیرنی قۆناخێکی هەستیاری مێژوومان. بەهیوام بە تەندروستی باشەوە درێژە بدات بە نووسینەوەی ڕووداوەکانی تریش و بە بەرهەمەکانی ئایندەی کتێبخانەی هەژاری کوردی دەوڵەمەندتر بکات..بەهەقەت ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ، نووسەران و توێژەران بەردەوام پشتی پێ دەبەستن، ئاخر گەواهێکی زیندووی تژی لە ڕاستین،بۆیە هەمیشە زیندوو دەمێننەوە..